کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-9-2007 13:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مامە غەفەی ئەحمەد خەزار پشمەرگەی ماندونەناسی دەشتی هەولێر و قەراج و کەندیناوە رەمزی خەبات و کوردایەتی لە شۆڕشی ئەیلول و شورشی نوێی گەلەکەمان!! ... باوکی شازاد**

ئەوەی لە نزیکەوە مام غەفور بناسێت دەزانێت کە نوسینەکانی بە ناوی ئەو بەرێزە بڵاو کراوەتەوە هی ئەو نیە، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەو کارە قێزەونەی کردوە دیارە لە چاوپێکەوتنەکانی مام غەفور باسی ئەو کرایە وەیان باسی مامۆستاکانی کراوە، بۆیە وا بەبێ شەرمانە بەناوێکی دزراو بە تەکتیکێکی دارێژراو توانیویەتی لە هەمان کاتدا هەردوو ماڵپەڕی کوردستان نێت و کوردستان پۆست لە خشتە ببات و بیانخاتە ئەو هەڵوێستە ناخۆشە، بەڕاستی زۆر گوناحە پیاوێکی ئاوا ئازاو خەباتگێر لەجیاتی رێزو پایەی بۆ دابنرێت کەچی ناوی بزرێنن و بیخەنە نێو ململانێی ناشەریفانە، من ئەو پیاوە شۆڕشگێرە باش دەناسم لە رۆژانی سەرەتای بونی بە پێشمەرگە زوو زوو دەهاتە گوندەکەی ئێمەو هاورێی پێشمەرگایەتی باوکم و مامەکانمەو دۆستی خۆشەویستی بنماڵەکەمانە، رۆژێک لە رۆژان خۆی لە خانەی دژایەتی گەلەکەی خۆی نە دیوەتەوە، مام غەفور لە هەرکوی پێشمەرگایەتی ڕاستەقینە هەبوبێت ئەو لەوێ لە خزمەتی گەلدا بوە، کەسێک هەستی نەکردوە هەرگیز لە شەرەکان خۆی پاش خستبێت وەیان دوا کەوتبێت وە هەردەم مەعنەویاتی پێشمەرگەکانی مام غەفور بەرز بووە، تەکتیکی شەر کردنی بە هێز بوە هەرچەندە کە هیچ خوێندنگایەکی تاوا نەکردوە تەنها دەرچوی خوێندنگای کوردایەتی بوە، مام غەفور کەسیکی قسەخۆش و قسە لە رووە، نازانێت پاشملە قسەبکات وەئەگەر شتیکیشی لە گەڵ کەسێک وەیان هەڤالەکانی هەبێت روبرو پییان دەڵێت کەسیش لێی تورەنابێت، من ساڵی 2006 لە ماڵی هەڤاڵ سەید کاکە بۆ جاری کۆتایی ئەو پیاوەم دیتەوە کە 12 ساڵ بوو نەم دیبووەوە پاش ئەوەی کە لە ساڵی 1994 برایەکم کە پێشمەرگەی ئەو بوو لەناو یەک رەبیە لە گەڵی شەهید کرا، ئەو پیاوە ئازایە هەمان کەسایەتی رۆژانی لاوی بوو کە تازە ببو بە پێشمەرگە ئەوەی لێی گۆڕابوو تەنها ئەو وێقارەبوو کە نیشانەی تەمەن گەورەیی پێوە دیار بوو، کەسێک ئەو جۆرە شەخسیەتەی هەبێت چۆن دەبێت ئاوا دڵی بشکێندرێت و درۆی بەدەوی دابکرێت، دەبێ ئەو زاتانە لە مێژوو بە ئاوی زێڕ ناویان تۆمار بکرێت، کەسێک تەمەنی خۆی لە پێشمەرگایەتی بردبێتە سەر، باوکە شەهیدبێت لەو تەمەنە چەکی پێشمەرگایەتی بە شانەوەبێت کەچی زۆر کەس لە هاوتەمەنانی ئەو ئێستا بە گۆچان دەڕۆن و لە بن دیواری مزگەوتەکان کەوتون چاوەڕوانی مردن دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هێندە باوەڕی بەخۆی هەیە بۆیە هەتا بتوانێت بڕیاری داوە پێشمەرگەبێت و بە پێشمەرگەیی بمرێت، دەک ئەو قەڵەمە بشکێت کە درۆ بەناوی مام غەفور دەنوسێت، ئەو مێشکە پوچە بپرژێت کە بیری لەوە کردۆتەوە ناوی مام غەفور بزرێنێت، بەڵام چی دەکەیت روی زەمانە رەش بێت کە وای کردوە بۆ رکابەری سیاسی ئەو دلە گەورەی مام غەفور برەنجێنێت خۆزگە ئەو رۆژەمان هەر نەدیبا کە سیاسەت ببێتە مایەی بێ ئەخلاقی لە ناو کۆمەڵی کوردەواری، هیوادارم ئەوکەسەی کە ئەو کارەی کردوە، خۆی شتێک بنوسێت و خۆی شەرمەزار بکات، من لێرەوە بەو کەسە دەڵێم ئیوە دۆڕاندتان لەبەر ئەوەی مام غەفور بەو نوسینە خۆی پێشتر چەند گەورە بوو دوو ئەوەندە گەورەتر بوو، فرسەتێکی باشیش بوو بۆ ئێمە پیاوی ئاوا ئازامان بەبیر بێتەوەو ئیمەش بتوانین بە دوو رستە نوسین قەرزی مام غەفور بدەینەوە کە هەموو میڵەتی کورد قەرزاری مام غەفورو هەموو پێشمەرگەکانی وەکوو مام غەفورن، لە کۆتایش دەڵێم مامە غەفە گوێی مەدەرێ گۆم هەتا قۆر بێت مەلەی خۆشتر دەبێ با کۆلکە نوسەریکیش نان و پیازێکت پێوە بخوات با ئەوانیش سودیکت لێ وەر بگرن تۆ هەموو ژیانی خۆت کردۆتە فیدای گەلەکەت با ئەوەش بێتە سەر ئەوەکانی تر، ئەوەی من کاک کۆسرەت و کاک مستەفای سەید قادر بناسم باوەڕ بەو قسە پرو پوچانە ناکەن وە ئێستا خۆشەویست تر بویت لای ئەوان، وایان لێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکات زیاتریش ببیتە جێی متمانەی ئەوان و هەموو سەرکردایەتی و بن کردایەتی، ئیمەش بە هەموو لایەکمان خۆت ووتەنی (سەرمان لە دوو قونی ئەومێر منداره نەفامانە نەیە) وایان لێ دەکەین جارێکی تر ناماقولی وا بەرامبەر کەسانی وەکوو تۆ نەکرێت، باوەڕ بکە هەر جەنابت نیت کەوا بەو شێوە درۆو دەلەسەی بەناوی بکەن، ڕۆژانە خەڵک گلەیی دەنوسێت و بێ ئاگایی خۆی لە بڵاوکردنەوەی سوکایەتی کردن بە خەڵک ڕادەگەیەنێت بەڵام دیارە تەکنەلۆجیاو ئینتەرنێت وای کردوە کە هەندی کەس بە هەڵە بەکاری بێنن هیوادارم ئەقڵیان بێتەوە سەریان واز لەم کارە چەپەڵانە بێنن، هەر تەمەن درێژ بیت مام غەفور.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.